قوباد تاڵەبانی بۆ حکومەت و گەلی ئێران: دژی هەر هەوڵێکی تێکدانی سەقامگیرین لەناوچەکەدا

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێم، ئیدانەی هێرش و پێلامارکانی پارێزگای کرمانی ئێرانی کرد و پرسەو سەرخۆشیشی لە حکومەت و گەلی ئێران و کەسوکاری قوربانیان کرد.

قوباد تاڵەبانی لە بروسکەیەکدا، وەک ئیدانەکردنی ئەو هێرش و پێلامارانەی کە ژمارەیەک لێهاوڵاتیانی مەدەنی و زیارەتکارانی لەپارێزگای کرمان کرد ئامانج، جەختی لە هەوڵستی نەگۆی خۆی کردەوە بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرەکانی تووندوتیژی و هەر هەوڵێک کەببێتە مایەی تێکدانی سەقامگیری و ئارامی لەناوچەکەدا.

لەکۆتایی بروسکەکەدا قوباد تاڵەبانی وەک پرسەو سەرخۆشی لەحکومەت و گەلی ئێران، ئەو هێرشەی کرمانی بە کردەوەیەکی تاوانکاری وەسف کرد.